باس

باهۆز مستەفا

# ئێریک رۆس و رۆمانی "حاڵەتە ناوێزەکەی بینیامین بوتۆ"



بینیامین بوتۆ



**ئێریک رۆس نووسەرێکی درامی بەناوبانگە و یەکێکە لە درامانووسە سینەماییەکانی هۆلیود**

نووسەری درامی ئەمریکی "ئێریک رۆس" لە ٢٢- ی مارسی ١٩٤٥ لە سەنتەری نیویۆرک لە دایک بووە، ئێریک رۆس نووسەرێکی درامی بەناوبانگە و یەکێکە لە درامانووسە سینەماییەکانی هۆلیود، هەروەها یەکێکە لەو نووسەرانەی زۆر بە جدی بە دوای چێژی خوێنەر دەگەڕێت لە ڕێگەی چێژی تایبەتی خۆی، بابەتی وروژێنەر و هەستیار هەڵدەبژێرێت و پڕ لە هونەر و تەکنیکی نووسین پێشکێش بە خوێنەری دەکات و هەروەها



دوای بە فیلمکردنیش پێشکێشی بینەر دەکرێت. یەکەم رۆمانی لە ساڵی ١٩٧٠ کرا بە فیلم و پێشکێش کرا، لە ساڵی ١٩٩٤ لە فیلمی "فۆررێست گامپ" خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت، هەروەها درامای "موینشن و ئینزایدەر" لە ٢٠٠٥ کاندیدی دووەم بوو بۆ ئۆسکار و خەڵاتی "گۆڵدن گڵۆبە". هەروەها درامای «بەخت لە یاری، پیاوی پۆست، مستەر جۆنس، عەلی» کراونەتە فیلم. لە درامای "عەلی" کە "ویل سمیس" رۆڵەکە دەبینێت و "میشائیل مان" دەرهێنەرەکەیەتی. باس لە ژیانی یاریزانی مشتەکۆڵەی جیهانی "محەمەد عەلی کلای" دەکات، کە کەسێک بەردەوام سەرکەوتن بەدەست دێنێت بەبێ ئەوەی تەنیا جارێکیش ببەزێت، هەروەها چۆن رووبەڕووی بەندیەتی و رەگەزپەرستی و شەڕی ڤێتنام دەبێتەوە، بوونی بە ئیسلام، بەڵام خۆی لە "ماڵکۆڵم ئێکس"ی سەرۆکی بزووتنەوەی ئیسلامی رەشپێستەکانی ئەمریکا بە دوور دەگرێت، ئینجا کێشەی لەگەڵ "سۆنیا"ی ژنی لەسەر هەڵسوکەوت و جلوبەرگ دروست دەبێت، سۆنیا ئامادە نییە ملکەچی فەرمانەکانی محەمەد عەلی بێت بە لەسەرکردنی رەفتە و خۆداپۆشینی و دوورکەوتنەوەی لە جیهانی مۆدێرنی ئەمریکی، ئەمەش بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، دوایی عەلی دەچێتە وڵاتی زایر لەوێ ژنێک دێنێت، کە هەڵگری هەمان کولتوورە، ئینجا دراماکە بە شەڕێکی مشتەکۆڵەی بێ سەرکەوتن کۆتایی دێت.

لە رۆمانی دوایی بە ناوی «حاڵەتە ناوێزەکەی بینیامین بوتۆ» توانیویەتی بە تەواوەتی راوی خوێنەر بکات و بەرهەمێکی داهێنەرانە پێشکێش بکات، دواتریش کە بە فیلم کرا

سەرنجی بینەرێکی زۆر رابکێشێت، بێگومان لە فیلمەکە ناتوانرێت رۆڵی "داڤید فینشەر"ی دەرهێنەر و "براد پیت"ی ئەکتەر پشتگوێ بخرێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەشدارییان لەم فیلمە کردووە، چونکە فیلم کارێکی تاکەکەسی نییە وەکو نووسین، بەڵکو پێویستی بە ستافێکی شارەزا و ئەکادیمی هەیە.

لەم رۆمانەدا یاخۆ بڵێین "ئێریک" هەوڵی داوە ژیان پێچەوانە بکاتەوە، رووبەرووی مەرگ بێتەوە لە پێناو کورە تاقانەکەی "کلارک"ی نابینا، لەو کاتەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی کۆرەکەی بەسۆزەوە بۆ بەرەکانی جەنگ بەرێ دەکات، کەچی دوای چەند مانگێک لە جیاتی کورە تاقانەکەی تەرمێکی ساردوسڕی بێ روحی بۆ دێتەوە، ئەویش دەیەوێت دژایەتی ئەو



قەدەر و واقیعە بکات و کورەکەی بگەڕێنێتەوە باوەشی، لە رێگەی دروستکردنی کاتژمێرێکی گەورە بۆ پێش وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری شاری نیویۆرک، لە رۆژی پەردە لەسەر لادانی ئەم کاتژمێرە، ئامادەبوونی رۆزڤێلتی سەرۆکی ئەمریکا، ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەو پیاوە نابینایە کاتژمێرەکەی وا دروست کردووە کە بە پێچەوانە بخولێتەوە، لە روونکردنەوەیەک دەڵێت: من دەمەوێت کات بۆ دواوە بگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی شەڕ بوەستێنم و جارێکی تر کورەکەم ببینمەوە. بەڵام ئەم دەستکاریکردنەی قەدەر دەبێتە هۆی لەدایکبوونی "بینیامین" لە ساڵی ١٩١٨ لە نیوئۆرلاینس، لە تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵی، "بوتۆ"ی باوکی دەشۆکێت، ناتوانێت قبوولی ئەم روخسارە شێواو و پیرەی منداڵەکەی بکات، بۆیە لە باوەشی ژنەکەی دەرفێنێت و لە بەردەم دەرگەی خانەی پەککەوتووان فڕێی دەدات. بەڵام "کوینلی" ژنە رەشپێست دەبێتە فریادرەس و هەڵی دەگرێتەوە و وەکو منداڵێکی خۆشەویست و زۆر ئاسایی بەخێوی دەکات. بینیامین ئاسایی گەشە دەکات، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەرەو پیری بچێت و بێ هێز بێت، بە پێچەوانەوە گەنج دەبێتەوە و بەهێز دەبێت، هەر لە تەمەنی نۆ ساڵی "دەیزی"ی کچە بچکۆلانەی هاورێی خۆشدەوێت، بەڵام دەبێت سی ساڵ چاوەڕێ بکات تا ئەو بەرەو گەنجی دەگەڕێتەوە و "دەیزی"ش بەرەو گەنجییەتی بچێت، لەم ماوەیەش بینیامین تێکەڵی جیهانێک دەبێت، کە هیچ لە بارەیەوە نازانێت، کەس باوەڕی پێ ناکات کە

دەڵێ : نازانم سێکس چییە و چۆنە. لەو ڕۆژەی لە تەمەنی سەرووی شەست ساڵە و پازدە ساڵێکیشە لە ژیانە لەگەڵ هاوڕێیە تازەکەی دەچنە بارێک بۆ لای ژنە سۆزانییەکان، ئەوانیش بە پێکەنینەوە دەیبەنە ژوورە ڕەنگاوڕەنگەکانیان، بینیامین زۆر دڵخۆش دەبێت و دەپرسێت ئایا دەتوانێت جارێکی تریش بێتەوە لایان. پاشان بینیامین بۆ کارکردن بەگەڵ کەشتییەوانێک دەکەوێت، چەندین ساڵ لە نێو دەریا بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات دەڕوات، کاپیتان کاری بەردەوام کارکردن و مەی خواردنەوەیە، بینیامینش ئاسایی بەرەو گەنجییەتی دەگەڕێتەوە، ڕۆژێک کاپیتان زۆر سەرخۆش دەبێت و سەیری بینیامین دەکات دەبینێت زۆر چالاکتر و جوانترە لە ساڵانی پێشوو دەپرسێت: بینیامین، من زۆرم خواردووەتەوە یا تۆ گەنج بوویتەوە؟ بینیامین بە پێکەنینەوە دەڵێ: بێگومان تۆ زۆرت خواردووەتەوە.



ئینجا لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێبیستی هێرشی یابان دەبن بۆ سەر دوورگەی "پەڵهابەر"ی ئەمریکی، کە کەشتییە سەربازییەکانی ئەمریکای تێک شکاندووە و زیاتر لە ١٢٠٠ سەرباز کوژراو و خنکاون، پێویستیان بە هەموو جۆرە یارمەتییەکە، ئەمانیش بڕیار دەدەن بچنە نێو شەڕەکە و لە ئەنجامدا کاپیتان دەکوژرێت. دوای ئەو ماوە درێژە بینیامین دەگەڕێتەوە نیوئۆرلاینس بۆ لای کوینلی دایکی و دەیزی خۆشەویستی، چەند ساڵێک بە یەکەوە دەگوزەرێنن، بەڵام بینیامین بە هۆی ئەوەی بەرەو منداڵی دەگەڕێتەوە وردە وردە تووشی بیرچوونەوەی یادەوەرییەکانی دەبێت تا وای لێدێت دەیزی هاوڕێی ناناسێتەوە، دواتر دەیزی دەستی دەگرێت تا بەرنەبێتەوە و لە هەمان کاتیشدا سکی لە بنیامین پڕە، دوا سات بینیامین لە باوەشی دەیزی دەگاتە دوا ئاستی بچووکی و گیانی دەسپێرێت. لە دوای خۆشی کچێکی لە دەیزی خۆشەویستی دەبێت، ئەو کچەش لە دەفتەری یاداشتەکانی دایکی، ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە.

سەرچاوە:

1- Aus wikipedia,der freien Enzyklopaedie Eric Roth
2- (Der Seltsame Fall Benjamin Butto) -فیلم